لەم ژمارەیەدا
ل٣ دیموکراتیزەکردنی باشوور بەرەو کوێ مل دەنێ !
ل٤ ئەنفلەوەنزای پەلەوەر، نەخۆشییەکی دیکەی سەردەم
ل٥ پارادۆکسی، ریفۆرمخوازی کوردی لە دەستەڵاتی فارسیدا
ل٦ ئەو بەسەرهاتەی نزیکەکانی خۆم نەیانبیستووە



# رۆژی گەل

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاری کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٣٥) ٢٠٠٥/١١/١٣


## لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمدا هەولێر پێتەختە

لەپڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان کەلە ٢٠٠٢/١١/٧ گەڵاڵە کرابوو، شاری کەرکوکی وەك پێتەختی هەر ێم دەستنیشانکردبوو، بەڵام دوای ئەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق پەسەندکرا کەتێیدا چارەنووسی کەرکوك بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ هەلگرتووە، لیژنەی چاوپێداخشاندنەوە بەپڕۆژەی دەستوری هەرێم شاری هەولێری بەپێتەختی هەرێم هێشتەوەو رایگەیاند چونکە چارەنوسی کەرکوك یەکلایینەبۆتەوە بۆیە نامانەوێ ناکۆکی لەنێوان دەستوری هەرێمو دەستوری عێراقدا هەبێت.

# بۆشەرمەزارکردنی سیاسەتی تورك ئەمڕۆ لە دیاربەکر رێپێوانێکی گەورە بەرێوەدەچێت



بە گوێرەی هەواڵ شارەوانییەکانی پارێزگاری دیاربەکر بە نیازن ئەمرۆ ١٣/ ١١/ ٢٠٠٥ لە شاری دیاربەکری باکوری کوردستان، بەمەبەستی گوشار هێنان بۆ سەر رژێمی تورك رێپێوانێکی جەماوەری گەورە بەرێوەببەنو تیایدا داوابکەن کە رێگەی ئاشتیانە بۆ چارەسەکردنی کێشەی کورد بگرێتە بەر. سەرۆکی شارەوانی شاری دیاربەکر کە بەشداری لە هەڵمەتی ئامادەکاری کاروباری کۆبوونەوە جەماوەریەکە دەکرد، سەردانی دوکاندارانی شارەکەی کردوو داوای لێکردن کە رۆژی یەکشەممە بەشداری لەو رێپێوانە گەورەیەدا بکەن کە بەرێوەدەچێت. ئەوەی شیاوی باسە دانیشتوانی شاری دیاربەکر نیازیانە لە ١٣ / ١١ / ٢٠٠٥ بانگەوازی ئاشتەوایی بە گوێی حکومەتی تورکیاو جیهان بگەیەنن.

## عێراق و ئێران دوو زیندانی گەورەی رۆژنامەنووسانن



رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا (٢٠٠٥ ) سەبارەت بە ئازادی چاپەمەنی و بارو دۆخی رۆژنامەوانان، نووسینی: ( مەترسیدارترین ولاتەو ئێرانیش زیندانی رۆژنامەوانانە لە ناوچەدا ). لە ریزبەندی جیهانی ئازادی چاپەمەنیدا،لەسەرجەمی ١٦٧ وڵات، کۆماری ئیسلامی لەریزی ١٦٤ ە مین وڵاتی دنیادا بە بواری سانسۆڕکۆردنی زانیاری و دەنگ و باسدا. بە گوێرەی راپۆرتی رێکخرای پەیامنێرانی بێسنوور، کۆماری ئیسلامی ١٧ ،٨٩ لەسەدەی زانیاری و دەنگوباس لە کەرەسەی راگەیاندنی گشتی ولاتدا سانسۆڕ دەکات. لەلایەکی تریشەوە لە ماوەی ٨ ساڵی رابر دوودا زیاتر لە ١٠٠ گۆڤار و رۆژنامە لە ئێراندا ئیزنی کارکردنیان لێ سەندراوەتەوە و رۆژنامەوانیش لە باری ئاسایشەوە لە بارو دوخێکی گەلێك نا لەباردا ژیان بەسەر دەبەن. هەروەها لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە لە ماوەی مانگی مایسی ٢٠٠٣ تا مانگی ئابی ٢٠٠٥ زیاتر لە ٧٣ رۆژنامەوان و هاوکارانی دەزگاکانی راگەیاندن لە عێراق کوژراون. بەمەش هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران بۆ روژنامەنووسان ترسناکترین وڵاتی جیهانن .

## بۆ دادگەیی کردنەوەی سەدام ئامادەکاری نوێ کراوە



دادگایی تاونەکانی عێراقی تایبەت بە دادگایی کردنی سەدام حوسێنو حەوت لە دارو دەستەکانی رایگەیاند کە دەست کراوە بە خۆ ئامادەکردنی پێش وەخت بۆ بەستنی دانیشتنی دووەمی دادگاییکرنەکە کە بریارە لە رۆژی ٢٨ ئەم مانگە ئەنجام بدرێت هەرلەم بارەیەوە قازی (رائید جوحی) رایگەیاند (کەدادگا لەمەڕ پرۆسەی گواستنەوەی تەلەفزیۆنی دانیشتنی دووەمی دادگاییکردنەوە چۆنیەتی هاتۆ چۆ کردنی دەزگا راگەیاندنە جیاجیاکان گفت و گۆی لەگەڵ ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسان کردووە

هاوکان ئاماژەی بەوەشدا کە (دادگا خۆی ناچار دەبێت پارێزەری بەرگریکردن بۆ تاوانبارەکان دیاری بکات، گەر بێتو پارێزەرەکان سوربن لەسەر پچراندنی دانیشتنەکە، بە بەهانای ئەوەی کە حکومەت ناتوانێت پاراستنی کەسایەتی بۆیان دابین بکات). شایەنی باسە پارێزەری سەرۆکیپێشووی دادگای سەورە (عەواد ئەلبەندەر) کە یەکێکە لەو حەوت تاوانبانەیە کە لەگەڵ سەدام دەستیان هەبووە لە رووداوەکەی دیجلە، دوای رۆژێك لە دادگاییکردنەکە لەلایەن گروپێکی نەناسراو کوژرا، هەر وەها پارێزەرێکی تریش کە بەرگری لە بەرزان تکریتی دەکرد کوژرا. جێگەی ئاماژەیە دانیشتنی یەکەمی دادگا لە باڵەخانەی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی رووخێندراو لە ناوچەی خەزرا بەسترا، کە لەنزیك هەردوو باڵیوزخانەی ئەمریکاو بەریتانیایە، هەر وەها تەنها بیست رۆژنامەنووس هەڵبژێردرابوون بە شێوەی تیروپشك بۆ ئەوەی ئامادەی دادگاییکردنەکەبن،

بەڵام لەبەر ئیجرائاتە ئەمنیەکان رێگەیان پێنەدرا کامێرەی فۆتۆ گرافو قەڵەمو کاغەز هەڵبگرن، بەڵکو لەلایەن دەستەی ئەمنی دادگاوە کاسێتی تۆمارکراویان پێدرا بۆ ئەوەی دادگاییکردنەکە تۆماربکەن.

## تەقینەوەکان گەیشتنە شاری ئیلام

بە گوێرەی هەواڵ رۆژی ٨/ ١١ / ٢٠٠٥ لەبەردەم دوکانێکی نزیك زانکۆی ئیلام تەقینەوەیەك روویدا لەئاکامادا ٣ کەس کوژرانو یەکێکیش بریندابوو. دوای ماوەیەك هێزەکانی ئاسایش گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو بریندارەکەیان رەوانەی نەخۆشخانە کرد، بەڵام تا ئێستا هیچ کەسو لایەنێك بەرپرسیارێتی ئەو تەقینەوەیەی نەگرتۆتە ئەستۆی خۆیو ئەمە یەکەمین جاریشە کە تەقینەوە لەشاری ئیلام روودەدات.




## رۆژەڤ

جەماوەر لێبڕاوانە لە پێناو سەرخستنی دۆزی ڕەوای نیشتمان بە مرۆڤ و خاکەوە، قوربانی داوە و تێکۆشاوە. سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی نەتەوەی سەردەست شاڵاوەکان ئەنفال و رەشەکوژی و بە سووتماککردن نەیانتوانیوە لەورەو خۆڕاگری گەل کەم بکەنەوە. دوای راپەڕینی ١٩٩١ تا روخانی سەدام لە ٢٠٠٣، دیسانەوە گەل سەری بەرزی بۆ گرفت و ئاستەنگەکانی نەوی نەکرد، بورگەی بێ موچەی و بێکاری و بی کارەبایی و سەختیەکانی تری ژیان گرت و ڕووسوورانە لە ئەزموونەکانی رۆژگار هاتەدەرێ. بەڵام لە دوای روخانی سەدام تا ئێستا، لەبەر بێ بەڵێنی دەستەلات لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی سەرشانی، لەبەر خۆگنخاندنی حزبەکان لە تێکەڵکردنەوەی ئیدارەکان، لەبەر زەقکردنەوەی هەڵاوسان و پێشگیری نەکردن لە گەندەڵی دارایی و بەڕێوەبردن، رۆژ دوای رۆژ جەماوەر لە دەستەلات بەدبین و لە دوا رۆژیش نیگەران دەبێت. گومان و نیگەرانی جەماوەر سەرچاوەی لە رەفتاری دەستەلاتداران گرتووە. لایەنە دەستەلاتدارەکان یاری چاو شارکێ و خاپاندن لە بەرانبەر گەل کایە دەکەن. لە راگەیانەکانی خۆیاندا بەلێنی جۆراو جۆر دەدەن و مژدەی گەیشتنی وەرزی بەهار بە گوێچکە دەچرپێنن، بەڵام لە کردەوەدا چەقین و گەڕانەوە بۆ دوواوە دەبینرێ. ساڵێك لە مەوبەر هەردوو ئیدارە پەیمانیان بە جەماوەر دا کە یەکدەگرنەوە و حکومەتێکی یەکگرتووی بنکە فراوان پێکدەهێنن، بەڵام دوای دەیان کۆبوونەوەی هاوبەش و کۆنگرەی رۆژنامەوانی هاوبەش و سۆز و بەڵێنی بریقەدار تازە باس لە هەندێ وردەکاری و پێش مەرج دەکرێ. جەماوەر لە وردە کاری و رێککەوتنەکان ئاگادارنیە، دڵنیانییە لە دوای هەڵبژاردنێکی دیکەش، ئەم دوو ئیدارەیە یەکدەخرێنەوە یان نا؟! ماوەی ئەو پەرلەمانەی کە جەماوەر لەسەر بەڵێن و پەیمانی دەستەلاتداران دەنگی پێداوە هەڵیبژارد بەرەو تەواوبوون دەچێت، کەچی بە ئەنجام گەیاندنی بەڵێنەکانی بەر لە هەڵبژاردن تراویلکەیەو رۆژ دوای رۆژ دوورتر دەکوێتەوە. ئێستا لایەنە عێراقیەکان خۆیان بۆ هەڵبژاردنی نوێ ئامادەکردووە، هاوپەیمانی کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و درزی تێکەوتووە. پشت گوێخستن و فەرامۆشکردنی دەنگی لایەنە سەربەخۆخوازەکان برەوی پێدەدرێ و کاری لەسەر دەکرێت، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ـ ئایا دوای ئەو هەموو بێ ئومێد کردنەی جەماوەر و هەناسە ساردکرنەوەی گەل بەختی سەرکەوتنی کورد لە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی عێراق لە کوێ لەنگەر دەگرێ ؟! خواست و ئاواتە نەتەوەییەکانمان لە چ ڕێگەیەکەوە دەستە بەر دەکرێن؟! ئەمە پرسیارێکە و لەدوای سەندووقەکانی دەنگدان، دەبێ دەستەلات وەلاّم بداتەوە.

## سەرۆکی شارەوانی شەمزینان بریندارکرا

رۆژی ٩ی تشرینی دووەم ئەفسەرو سەربازێکی سوپای تورك، بۆمبێکی دەستیان هاوێشتە ناو کتێبخانەی "ئومێد" لە جۆلەمێرگی باکوری کوردستان، لەئەنجامادا ٢ هاولاتی کوژراو یەکێکیی دیکەش بریندار بوو. ئەو دووکەسەی تاوانەکەیان ئەنجام دابوو دەستگیرکران، ویسترا هەر لە شوێنی ڕووداوەکە سزابدرێن، بەڵام کاتێ پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادارکرایەوە، هێزێکیان گەیشتە شوێنەکە بەڵام لە جیاتی تاوانباران بگیرێت دەستیان بە تەقەی هەوایی کرد، بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە ڕەفتاری پۆلیس هەزاران هاولاتی ڕژانەسەر شەقامەکانو دژی دەوڵەتو هێزە ئاژاوە چییەکان رێوپێوانیان کردوو دروشمیاندا. جەماوەر دوای ئەوەی ئاگاداربوون کە (مەتین کۆرکمان)ی بریندار بۆ نەخۆشخانەی شار گوێزرایەوە، بە دروشمدان چوونە بەردەم نەخۆشخانەکەو لەوێ لە نێوان پۆلیسو جەماوەر تێکهەڵچوون ڕوویدا، لە ئەنجامدا ١٦ کەس بە دەستڕێژی گوللەی پۆلیس بریندداربوون، کە لە ناویانادا سەرۆکی شارەوانی شەمزینان ( خورشید تەکین) یشی تێدایە.